بەنێتا ئیسماعیل نەنۆ یاریزانی
تۆپی باسکەی یانەی ئەکاد:

# پێویستە کچان بۆ وەرزشکردن هان بدرێن تا بتوانن بەهرەکانیان دەر بخەن



* لەنێوان ئەم هەموو یارییە وەرزشییە بۆچی یاری باسکەت هەڵبژارد؟

-یاری باسکە لە لای من تایبەتمەندی خۆی هەبوو، بۆیە هەر لە منداڵییەوە حەزم بەم یارییە دەکرد و هیوای ئەوەشم تێدابوو کە بتوانم لەم یارییە سەرکەوتوو بم.

*ئاستی یاری تۆپی باسکەی لە کوردستان چۆن دەبینی؟

-یاری باسکە هەواداری خۆی هەیە، هەر چەندە ئێستا بە هۆی ئەنجامنەدانی پاڵەوانێتی زۆر، رەنگە ئاستی وەکو پێویست نەبێت، بەڵام یانەی ئەکاد بەردەوام گرنگی بە یاری باسکە و سەرجەم وەرزشەکانی تر دەدات، ئەگەر پاڵەوانێتی زۆریش بکرێتەوە، ئاستی باشتر دەبێت.

* پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی ئاستی تۆپی باسکە بەرز ببێتەوە؟

- کردنەوەی پاڵەوانێتی بەردەوام هۆکارێکی باشە بۆ



**یانەی ئەکاد لە ئێستادا تاکە یانەی پارێزگای هەولێرە کەوا گرنگی بەردەوام بە یارییە وەرزشییەکانی سەر ئاستی کچان دەدات، بەتایبەت لە یاری تۆپی باسکە کە ساڵانە بەردەوام مەشقی تایبەتیان هەیە بۆ پێگەیاندنی کچە یاریزانان و ئامادەکردنیان بۆ پاڵەوانێتییەکان و لە دروستکردنی یاریزانانی بەتواناش بۆ یانەکەیان بەردەوامن. یەکێك لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش بەنێتا ئیسماعیلە ئەو لە دایك بووی ساڵی ١٩٩٥ی شارۆچکەی عەنکاوەیە و خاوەن ئاستێکی بەرزی یاریکردنە لە یاری تۆپی باسکە، ساڵانەش تیپی باسکەی یانەی ئەکاد بە یەکێك لە تیپە هەرە بە هێزەکانی سەر ئاستی عێراق و کوردستان دێتە هەژمارکردن، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی بەنێتا کرد و ئەویش بەمجۆرە وەڵامی گۆڤاری گوڵان-ی دایەوە.**

ئەوەی بتوانین گرنگی بەم یارییە بدەین و بەرەوپێش بچێت، جگە لەمەش کردنەوەی قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانان لە شارەکان و دابینکردنی هۆڵ و کەل و پەلی پێویست ئەمانە هەمووی هۆکارن بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی ئەم یارییە لە کوردستان.

* ئەنجام نەدانی پاڵەوانێتی تا چەند کاریگەری لەسەر ئاستی یاریزانان هەبووە؟

- کاریگەری زۆری هەیە، ئەگەر هیچ پاڵەوانێتییەك نەبێت، بێگومان ئاستی یاریزانان دادەبەزێت، بۆیە پێویستە لە سەر بەرپرسانی وەرزشی خول و پاڵەوانێتی بکەنەوە.

*گرفتی ئەم یارییە زیاتر لە چیدا دەبینی؟

-لە شارەکەمان تەنیا یانەی ئەکاد گرنگی بەردەوام بە یارییە وەرزشیەکان دەدات، بەتایبەتی یاری باسکەی کچان، بۆیە لەسەر لایەنی بەرپرس پێویستە زیاتر گرنگی بە تواناکانی کچان بدات و گرفتەکانیان بۆ چارەسەر بکات، ئێمە گرفتمان نییە جگە لە قەیرانی دارایی نەبێت، کە ئێستا هەموو یانەکانی گرتۆتەوە.

* چی بکرێت بۆ ئەوەی کچان زیاتر روو لە وەرزش بکەن؟

-هاوکاری کردنی بەردەوامی کچان و دابینکردنی پێداویستییەکان و هاندانیان بۆ وەرزشکردن زۆر گرنگە بۆ ئەوەی ئەوانیش زیاتر روو لە وەرزش بکەن، واتە زۆر پێویستە هان بدرێن و خانەوادەکانیش هاوکاریان بن، چونکە کچانیش زیاتر دەتوانن بەهرەکانیان دەر بخەن.

* دەستەی کارگێڕی یانەی وەرزشیی ئەکاد چۆن هاوکاریتان دەکەن؟

-سوپاسی دەستەی کارگێڕی یانەکەمان و دەستەی راهێنەران دەکەین کەوا بەردەوام هاوکاری ئێمەیان کردووە و ئەوان هۆکار بوون بۆ گەشەکردنی ئاستی ئێمە.

* هیواو وئاواتت وەکو کچە یاریزانێك؟

- بەهیوای ئەوەم بتوانم لە داهاتوودا زیاترە پەرە بە تواناکانی خۆم بدەم و لەگەڵ یانەکەم ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنین، لە هەڵبژاردەی عێراقیش داوابکرێم، هەروەها بتوانم لە داهاتوو زیاتر خزمەت بە وەرزشی یاری باسکە بکەم، هەرچی توانام هەیە لە خزمەتی یاری باسکە ئەنجامی بدەم.

* ئەگەر شتێکت ماوە؟

- زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ بەسەرکردنەوەی وەرزشکارانی شارەکانی کوردستان و سوپاسی دەستەی کارگێڕی یانەکەشمان دەکەم کە بەردەوام هاوکاری یاریزانانی خۆیان بوون.

دیمانە: كارزان كانەیی

## ئیسکۆ: ئەنجامەکانی یانەکەمان پەیوەندی بە ئـ



یاریزانی هێلی ناوەندی یانەی شاهانە ئیسکۆ دەڵێت: ئەنجامە لاوازەکانی یانەکەمان هیچ پەیوەندی بە ئاستی من و خامیسەوە نییە، چونکە ئەگەر ئێمە ئاستمان باش نییە بۆ چی ڕاهێنەر یاریمان پێ دەکات. هاندەرانی یانەی ریال مەدرید پێیان وایە لەو وەرزەی لالیگا دا خامیس و ئیسکۆ نەیانتوانیوە لە ئاست گەورەیی یانەکەیان دابن. ئیسکۆ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ئەوەی خستە روو ئێمە تا ئێستا بە دۆخێکی زۆر ئەستەم دا تێپەریوین، بەڵام ئەوە داد




## ئۆزیل: یانەی ئەرسنال دەتوانێت نازناوی خولی پریمەرلیگ بباتەوە

مەسعود ئۆزیل ئەستێرەی ئەلمانی هێلی ناوەندی یانەی ئەرسنال سەرەڕای جیاوازی یازدە خالی نیوان یانەکەی لەگەڵ یانەی لیستەر سیتی پێشەنگ دا پێی وایە لە هەشت گەڕی داهاتووی خولی پریمەرلیگ دا ئەوان دوبارە دەگەڕێنەوە لوتکەی ریزبەند و براوەی نازناوەکەش دەبن.یانەی ئەرسناڵ لە سەرەتای ساڵی دوو هەزار و شازدە دا بە پێشکەش کردنی ئاستێکی بەرز توانی بگاتە لوتکەی ریزبەند،بەڵام بە تێپەربوونی کات لە دە یاری رابردوو دا تەنیا سێ جار براوە بووە و ئێستا لە پلەی سێیەم دا دێت، هەرچەندە ئەو یانەیە یەك یاری کەمتر لە یانەی لیستەر سیتی ئەنجام داوە. ئۆزیل لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا لەو بارەیەوە ئەوەی خستە روو کە: ئەگەر لە یاریەکانی داهاتوومان دا تووشی هەڵەی کوشندە نەبین دەتوانین براوەی نازناوەکە بین چونکە بردنەوەی نازناوەکە کارێك نیە کە ئێمە نەتوانین ئەنجامی بدەین،نابێ ئەوە لە بیر بکەین کە یانەی لیستەرچەند یاری زۆر زەحمەتی ماوە و ئەگەری ئەوە هەیە ئەو یانەیە توشی دۆران یان بەرامبەر بوون بێت و خاڵ لە دەست بدات، هەر بۆیە ئێمە نابێ بێ هیوا بین لە بردنەوەی نازناوەکە، هەروەها ئۆزیل گوتی: لە ریزەکانی یانەکەمان کۆمەڵێك یاریزانی لێهاتوو بوونیان هەیە پێویستە ئەوان جارێکی دیکە بە خۆیان دا بچنەوە. هەروەها ئەو یاریزانە لە بارەی ئاستی یانەی لەستەرسیتیەوە دەلێت: ئەو یانەیە لە ژێر چاودێری کلاودیۆ رانییێری دا و بوونی کۆمەڵێك لاوی بە توانا توانیویەتی بوون و تواناکانی خۆی بۆ هەمووان بسەلمێنیت ئەوان شایانی ئەوەن کە لە لوتکەی ریزبەندی خولی پریمەر لیگ دابن .

## ـــــاستی من و خامیسەوە نییە



پەروەرانە نییە هەموو کەم و کوڕیەکانی ئەو وەرزەی یانەکەمان بخەنە ئەستۆی من و خامیسەوە، چونکە هیچ یاریزانێکی پیشەگەر لە دونیا دا بوونی نییە خیانەت لە یانەکەی خۆی بکات، یاخود حەز نەکات بە پێشکەش کردنی ئاسیتێکی بەرز یارمەتیدەری یانەکەی بێت. لەبەشێکی قسەکانیدا ئیسکۆ روونیکردەوە لەم وەرزە دا گوشاری هاندەرانمان وایکردوە نەتوانین وەکو پێویست یاری بکەین، بۆیە باشتر وایە ئەوان یارمەتیدەرمان بن بۆ ئەوەی ئاسیتێکی باشتر پێشکەش بکەین، بەڵام من نازانم بە راستی من و خامیس رۆدریگز هۆکاری ئەنجامە لاوازەکانی یانەکەمانین ئەی بۆچی زیدان یاریمان پێ دەکات.



## پۆل پۆگبا لە نێوان مان سیتی و ریال مەدرید دا



ڕۆژنامەی سپۆرتی کەتەلۆنی دووپاتیکردۆتەوە بەرێوەبەری هونەری داهاتووی یانەی مانچستەر سیتی ئینگلیزی پیب گواردیۆلا ئەستێرەی فەرەنسی پول پۆگبا کردۆتە یەکێك لەو بژاردانەی لەپرۆژەی داهاتووی لەگەڵ یانە ئینگلیزیەکە بۆ وەرزی داهاتوو . هەروەها ڕۆژنامەی ناوبراو بڵاویکردۆتەوە ئەو ئارەزووەی گواردیۆلا بەیەك کەوتن لەنێوان ئەو و بەرێوەبەری هونەری یانەی ریال مەدرید زینەدین زیدان دروست دەکات کاتێ ئەوەی دووەمیشیان هەمان ئارەزووی هەیە بۆ بەدەست هێنانی تواناکانی پۆگبا لەوەرزی داهاتوو. بەپێی ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانیەکان یانەی مانچستەر سیتی ئامادەیە بۆندێکی سەرنج راکێش و چاوەڕواننەکراو پێشکەش بکات تا ئەو یاریزانە بباتە ریزەکانی. جێی ئاماژەیە واپێشبینی دەکرێت یانەی سیتی بڕی نەوەد و پێنج ملیۆن یۆرۆی ئامادەکردبێت لەپێناو بەدەست هێنانی تواناکانی پۆگبای فەرەنسی و ڕازی کردنی یانەی یوڤی بۆ فرۆشتنی ئەو ئەستێرەیە. لەلایەکی دیکەوە پۆل پۆگبا کەوتووتە بەر دوو بژاردەی ئەستەم لەنێوان هاونیشتیمانیە فەرەنسیەکەی و مووچەیەکی بەرزو سەرنج راکێشی یانە ئینگلیزیەکە کە بڕی ٢٠ ملیۆن یۆرۆی مووچەی ساڵانەیە.

# هەڵگورد دەگەڕێتەوە پایتەخت



لەگەڵ ئەوەی وەرزی رابردووی خولی فۆکسی نایابی یانەکانی عێراقی یانەی هەولێر بە هۆی ئەم قەیرانە داراییەی کە رووی لە یانەکەی کردبوو دەستبەرداری کۆمەڵێك یاریزانی بەتوانای یانەکەی بوو کە پێشووتر ئەوان ئەستێرەی یانەکە بوون لە خزمەتکردن و بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە، بەڵام یانەکە لەم وەرزەدا بە ناچاری دەستبەرداری یاریزانەکانی خۆی بوو، یەکێك لەو یاریزانانەش هەڵگورد مەلا محەمەد بووە کە ناوبراو بۆ ماوەیەکی زۆر بە درێسی یانەی هەولێر دەرکەوتووە لە هەردوو خولی نایابی عێراق و جامی یانەکانی ئاسیا، بەڵام هەڵگورد ئەمساڵ رووی لە یانەی نەفتی وەسەت کرد و ئاستێکی بەرزیشی پێشکەش کرد، لە ئێستاشدا هەڵگورد بەنیازە لە وەرزی نوێدا بگەڕێتەوە ریزی یانەی هەولێر، لەم بارەشەوە هەڵگورد مەلا محەمەد بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «من ئەگەر لە ریزی یانەی وەرزشی هەولێریش نەبم، هەر کوڕی ئەو یانەیەم و ئەو یانەیە هەمیشە لە ناو دڵی منە، دوای ئەو قەیرانە داراییەی رووی لە یانەی هەولێر کرد، ئێمەش کۆمەڵێك یاریزانی یانەکە بووین کە گرێبەستی باشمان بۆ هات و ناچار ریزی یانەکەمان جێهێشت، ئەوەش کاری پیشەگەرییە، بەڵام ئەم ماوەیەی کە لە یانەی هەولێر دابڕام، بۆ من زۆر زەحمەت بوو، ئێستاش من لەگەڵ یانەی نەفتی وەسەتم تا کۆتایی ئەم وەرزە بۆیە بڕیاری ئەوەم داوە کەوا بە یەکجاری بگەڕێمەوە ریزی یانەی وەرزشی هەولێر، بۆ من ئەستەمە دوور لە خانەوادەکەم بژیم، هەرچەندە هیچ گرفتێکم لەگەڵ یانەکە نییە، بەڵام زۆر غەریبی هەولێر دەکەم و زۆرم پێ ناخۆش بوو کە ریزی یانەی هەولێریشم جێهێشت، رێز و خۆشەویستیم بۆ هاندەرانی یانەکە هەیە، هەرچەندە رەنگە لێم زویر بن، بەڵام بەڵێن دەدەم کە بگەڕێمەوە ریزی یانەی وەرزشی هەولێر و خزمەتی زیاتری یانەکە بکەم، چونکە هەولێر بەشێکە لە ژیانی من»، گوتیشی: «کە یانەی هەولێر دەرچوو لە خولی عێراق سەرکەوتوو نەبوو بۆ گەیشتن بۆ قۆناغی داهاتوو، زۆرم پێ ناخۆش بوو، بەڵام بە هیوای بەختی باشترم بۆ یانەکە و ئەمساڵیش ئاستی خولی عێراق بەرز بوو، یانەی هەولێریش بەم هەموو یاریزانە کوردە توانییان ئاستی شایستە پێشکەش بکەن لەبەرامبەر یانە گەورەکانیش ئومێدی سەرکەوتن بۆ یانەی هەولێر دەخوازم، بۆ وەرزی نوێ کە هاتمەوە یانەکە هەرچی لە توانای من بێت، خزمەت بەم یانەیە خۆشەویستە دەکەم و هیچ کات لە دڵم دەرناچێ.



# کچانی کوردستان کۆنترۆڵی هەڵبژاردەی عێراق دەکەن

بۆ ماوەیەك تیپی تۆپی پێی کچانی هەڵبژاردەی نیشتمانی عێراقی لە هەولێری پایتەخت کەمپێکی مەشقیان ئەنجامدا بە ئامانجی دیاریکردنی یاریزانانی هەڵبژاردەکەی بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانێتییەك کە بڕیارە لە ٢٢ی مانگی حەوتی داهاتوو لە وڵاتی ئەرمینیا دەست پێبکات، کچانی کوردستانیش زۆربەی پێکهاتەی هەڵبژاردەی کچانی عێراق پێکدەهێنن، لە بارەی دیاریکردنی یاریزانانی کوردستانیش مەزن محەمەد یاریدەدەری راهێنەری هەڵبژاردەی نیشتمانی عێراقی بۆ گۆڤاری گوڵان



# شەترەنجی خانزاد بە قەرز یەکەمی عێراق بوو

دوای ئەوەی تیپی شەترەنجی یانەی وەرزشیی خانزاد لە پاڵەوانێتی شەترەنجی یانەکانی عێراقی توانی پلەی یەکەمی یانەکان بەدەست بهێنێت، ئەوەش ئەنجامێکی دڵخۆشکەر بوو بۆ وەرزشی کوردستان کە لە کۆی ئەم هەموو یانەی شارەکانی عێراقی ئەو پلەیە بەدەست بهینێت، لە هەمان کاتدا یانەکانی تری شارەکانی عێراقی پارەی زۆریان سەرف کردبوو بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە، بەڵام یاریزانانی خانزاد بەبێ بەرامبەر تەنیا بۆ بەرزڕاگرتنی ناوی یانەکەیان یارییان بۆ یانەکەی خۆیان کرد، هەر لەو بارەیەوە دڵزار حەمە ساڵح سەرۆکی یانەی وەرزشیی خانزاد بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە لەم پاڵەوانێتییە گەورەیە بەشداربووین و خۆشبەختانە توانیمان ئەنجامێکی دڵخۆشکەر بەدەست بهێنین کە پلەی یەکەمی پاڵەوانێتییەکە بوو، بەڵام ئێمە لە رووی داراییەوە لە چاو یانەکانی تر زۆر هەژار بووین، چونکە ئەوان پارەی باشیان لە بەر دەست بوو، بەڵام ئێمە تەنانەت بە قەرز بەشداری ئەم پاڵەوانێتییەمان کرد و یاریزانانی ئێمە بە بێ بەرامبەر یارییان بۆ یانەکەمان دەکرد، تەنیا بۆ بەرزڕاگرتنی ناوی یانەکەمان و بە دەرخستنی هێزی وەرزشیی شەترەنج لە کوردستان و یاریزانەکانیشمان لە ئاست بەرپرسیاریەتیدا بوون بۆ ئەوەی بتوانن ئەنجامی دڵخۆشکەر بەدەست بهێنن، خۆشبەختانە ئەو کارەیان کرد»، گوتیشی: «ئەو پارەی کە بۆ پاڵەوانێتییەکە دابینمان کرد لەلایەن دەستەی کارگێڕییەوە کۆکرابووەوە بۆ ئەوەی تەنیا بەشدار بین، هەر چەندە بەڵێنی ئەوەمان پێدراوە کە هاوکاری بکرێین، بەڵام تاکو ئێستا هاوکاری نەکراوین، تەنیا بەڵێنمان پێدراوە و بە هیوای ئەوەین هاوکاری تیپەکەمان بکرێت، چونکە ئەنجامێکی گەورەمان لە سەر ئاستی عێراق بەدەست هێناوە.



گوتی: «بۆ یەکەمجارە هەڵبژاردەی کچانی تۆپی پێی عێراقی زۆربەی یاریزانەکانی کورد بن و زیاتر لە ١٥ یاریزانی هەڵبژاردەکە کچانی هەر چوار پاریزگاکەی کوردستانن کە بە ئاستی بەرزی خۆیان دەستنیشان کراون بۆ ریزی هەڵبژاردەی عێراق، ئەوەش ئەوە دەسەڵمێنێ کە کچانی کوردستان گرنگی زۆر بە یاری تۆپی پێ دەدەن، ئێمەش وەکو راهێنەر بەردەوام دەبین لە پشتگیریکردنی یاریزانانی کورد لە ریزی هەڵبژاردەی نیشتمانی عێراقی، بڕیاریشە لە ٢٢ی مانگی حەوتی ئەمساڵ بچینە ئەرمینیا بۆ بەشداریکردن لە خولێك لەو وڵاتە، مەشقەکانی ئێمەش بەردەوام دەبێت بۆ زیاتر بایەخدان بە یاریزانانی کورد و پێکهاتەکانی تر، ئێمەش وەکو ستافی راهێنەران هیچ جیاوازییەك ناکەین لە نێوان یاریزانانی شارەکانی عێراق و تەنیا بە پێی بە ئاست یاریزانان دیاری دەکەین، دیارە یاریزانانی کوردستانیش ئاست و ئەنجامی شایستەیان هەیە لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان، بۆیە بە شانازییەوە ئەم یاریزانانە کە زۆربەیان کوردن لە هەڵبژاردەی عێراقن.